# له 7/14 له سلێمانی ڕێز له یادی گیانبەختکردووان گیرا




سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە 7/14 ژمارەیەک لە هاوڕێیانو دۆستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقو کەسوکاری گیانبەختکردووان بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕییانی گیانبەختکردوو کۆبوونەوە. بەشداربووان چەپکە گوڵی ڕیزیان لەسەر گۆری هاورییان داناو بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال یادی هاوڕییانیان بەرزڕاگرت.
هاوڕێ ئاسۆ کەمال بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو هاوری ئەسەد گوڵچینی بە ناوی حزبی حکمەتیستەوە قسەو باسیان بۆ ئامادەبووان کردو تیایدا وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەم هاوڕییانە پێیان لەسەر ئاواتو ئامانجێک کە هاوڕییان گیانیان لە پێناودا بەخشیو، بەردوامی خەبات لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا داگرت.
هاوڕێ ئاسۆ کەمال ئاماژەی بەوەدا کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان بە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان مەبەستێتی بە گوڕو تەوژمێکی نوێوە بۆ ڕابەری جووڵانەوەی شۆڕگێڕانەی کرێکارانو بێبەشانو ئازادیخوازانی کوردستان دەرکەوێتو ئاڵای ئامانجەکانی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو هەروا بەرزو شکۆدار ڕابگرێت.

کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق
20-07-2007